# ئەنفال و کیمیایی باران بەسەر خەڵکی کوردستاندا،
# سیاسەتێکی نەتەوەپەرستانەی بەعس بوو پێویستە ڕیشە کێش بکرێت!

دوو ڕۆژە دادگاییکردنی صەدام حسێن و سەرانی دیکەی حزبی نەتەوەپەرستی بەعس دەستپێکردوە سەبارەت بە ئەنفال و کیمیابارانکردنی خەڵکی کوردستان. بەم بۆنەوە خەڵکی کوردستان خوازیاری ئەوەن بکوژانی خێزان و کەسوکارو خۆشەویستانیان بە سزای خۆیان بگەن و ڕاستییەکان و وردەکارییەکانی پشت ئەم سیاسەتە دڕاندانەیەو دەوڵەت و کۆمپانیاو تەواوی ئەولایەنانەش کە لەپشت سیاسەتەکانی حکومەتی بەعس بوون و چەکی کیمیاییان پیداوە ئاشکرابکرێت بۆهەموان. بەلام ئەم دادگاییکردنە بەسەر پەرشتی داگیرکەرو داروەستەکەی لەوە گاڵتەجارترە کە بتوانێت حەقیقەتی پشت ئەم کارەساتە جەرەگ بگرە، ئەم سیاستە کۆنەپەرست و قێزەونە ئاشکرابکات. ئەم جۆرە لەدادگاییکردن کە تەنانەت دادوەرەکانی لەسەر پایەی تائیفی و قەومی دابنرێن لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە ڕاستەوخۆ بە ئەوامری داگیرکەران بەرەوپێش بچێت و تەنانەت سەرانی دەسەلاتی کۆنەپەرستی ئیسلامی قەومی ئێستای بەغدا نەتوانن تاوانبارەکان ببینن بەبێ مۆڵەتی ئەمەریکاو خەڵکی کوردستان جگە لە شکاتکردن و شاهیدی هیچ دەسەلاتێکی دیکەیان نەبیت لە دیاریکردنی دادوەرو پاریزەران و ئالوگۆڕپێکردنیان لەکاتی پێویستداو هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی ڕاستیەکانی پشت ئەم کارەساتە... پڕۆسەیەکی ئاوەها جگە لەوەی ڕاستیەکان ئاوەژودەکاتەوە شانۆی دادگایکردن دەکاتە شانۆی خۆ نمایشکردنی پالەوانانی نەتەوەپەرستی بەعس. ئەمە گاڵتەکردنە بەهەموو خەڵکی عێراق و کوردستان و یاریکردنە بەشعورو هەستی ملیۆنەها ئینسان. ئەگەر نا ئەوەی کە سیاسەتی جینۆسایدو ئەنفال بەرانبەر بەخەڵکی کوردستان پیادەکراوە، ڕووداوو کارەساتێکە کە چەند هەزار ئێنسان و ئاهو ناڵەو کوێرەوەری و دەربەدەرییان شاهیدی حالن. ئەوەی کە صدام و سەرانی نەتەوەپەرستی بەعس تاوانبارن حەقیقەتێکە پێویستی بە سەلماندن نیەو ساڵی 1988 ئەم تاوانە سەلمێنراوەو تاوانبار وەك ڕۆژی ڕۆشن دیارەو تەنانەت هیچ بیانوویەك نیە بتوانێت پاساوی ئەم سیاسەتە حەقیرو دژی ئینسانیە پاساو بدات.

ئەنفال و سیاسەتی جینۆساید دژ بە خەڵکی کوردستان، کە تیایدا 182000ئینسان بێسەروشوێن کران و پاشان قات وقڕکران، لەلایەن حکومەتی ناسیونالستی بەعسەوە، بە دڕاندەنەترین و وەحشیانەترین شێوە پیادەکرا. بەلام ئەم سیاسەتە بارانێکی بێ هەور نەبوو. ئەم سیاسەتە لەدرێژەی بەرنامەو سیاسەتێکدا بوو کە حزبی بەعس لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە بەشێوەی جۆراوجۆرو لە هەلومەرجی سیاسی جیاوازی نێوخۆو جیهانیدا پیادەیکردوە. سیاسەتێك کە کۆڵەکە سەرەکیەکانی لەلایەك سەرکوتی خوێناوی و زەوتکردنی تەواوی مافە سیاسی و مەدەنی و فەردییەکانی گشت خەڵکی عێراق و کوردستان بوو، وە لەلایەکی دیکەوە لەسەرپایەی هەلاواردنی نەتەوەیی و دابەشەکردنی خەڵکی عێراق بەپێی شوناسنامەی نەتەوەیی کوردو عەرەب دامەزرابوو. سیاسەتێك کە ئازادییە سیاسیەکان لە ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتن و ئازادی ڕەئی و ڕەخنەو قبولکردنی موخالفی سیاسی خۆی بەشێوەیەکی یاسایی و.. هەر هەموی سەرکوت و قۆرغن کرابوون و داواکردنیان وەك مافێکی ئاسایی و سەرەتایی، بە تاوانێکی گەورە دەژمێردراو مامەڵەی لەگەڵ دەکراو بەهێرشی سەربازی و کۆمەڵکوژی و هەلکوتینە سەرمالان و زیندانیکردن و ئیعدام کردن و "منع التجول" وەلام دەدرایەوە. سیاسەتێك بوو کە تەنها ڕووی لە ڕاگرتنی دەسەلاتی سیاسی حزبی بەعس و حکومەتە دیکتاتۆرییەکەی صدام و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بورژوازی عەرەبی دەسەلاتداربوو. ئەم بەرنامەو باوەڕە سیاسییەی حکومەتی نەتەوەیی بەعس بوو کە لەسەرەتاوە سیاسەتی تەعریب و ڕاگواستنی بەشێوەیەکی دڕندانە پیادەکردو پاشان لەسەردەمی قوڵبونەوەی ئەزمەی ئابوری و سیاسی و حکومەتیەکەیدا، گەیشت بەوەی کە ئەنفال و کیمیاباران بکاتە هۆکارو سیاسەتێك بۆمانەوەی دەسەلاتە نەتەوەپەرستەکەی. هەربۆیە سیاسەتی ئەم حکومەتە هارەی بەعس لەبەرانبەر جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتیکی سەربەخۆدا، هەمیشە سەرکوتکەرانە بوەو بەشەڕی خوێناوی و ئەنفال... وەلامدراوەتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە سیاسەت و دروشمی " یەکپارچەیی خاکی عێراق"و "پیرۆز ڕاگرتنی" ئەم یەکپارچەییەی کردبوە بەڵکەنامەیەکی دەستوری و یاسایی.

خەڵکی کوردستان لەپێناو گەیشتن بەو ئامانج و هیواو خواستانەی کە صەدام حسێن و حکومەتە دیکتاتۆری و نەتەوەپەرستەکەی هەمیشە سەرکوتیان دەکرد، پێویستیان بەوەهەیە کە لە ئاستی بزوتنەوەیەکی سەرتاسەریدا ڕیکخراو یەکگرتووبن و لە دەوڵەت و دەستورێك خۆیان دابڕن کە ئێستا لە بەغدا دەسەلاتدارەو لە سەرپایەی نەتەوەپەرستی و تائیفەچێتی وتێخزاندنی دین لە هەموو ڕەگو مەیدانەکانی ژیان دامەزراوە. دەولەت و دەستورێك کە ئێستا وەك سیناریۆیەك دادگایی صەدام و سەرانی بەعس دەکات، بەهەمان شێوەی ئەم تاوانبارانە مافی ریفراندۆمێکی ئازاد یان بۆخەلکی کوردستان بەڕەسمی نەناسی وە ناناسن و زەوتیان کردوە، مافی جیابونەوە بۆ خەڵکی کوردستان ناناسن و

سەرکوتیان کردوە، ئازادی سیاسیو مافە فەردیو مەدەنیەکان بۆخەلکی عیراقو کوردستان ناناسنو سەرکوتی دەکەن، تەنانەت ئەو ئاووکارەباو سوتەمەنیەیەی کە ئەوکات هەبوو ئێستا ئەوە شیان پێدابین ناکرێت. هەر بۆیە کە ئەم حکومەتە ئیسلامیە قەومییەی بەغداو دادگاکەیان بەهیچ شێوەیەك ناچنە سەر هۆو ڕیشەی سەرەکی تاوانەکانی ئەنفالو کیمیایی باران. بۆیە تا ئێستا لەلایەن ئەم دەسەلاتەوە بەهیچ شێوەیەك باس لەوە نەکراوەو ناکرێت بۆچی دەیان هەزارکەسی موخالیفی سیاسی صدامو حکومەتەکەی ئەشکەنجەو ئیعدام کراون، بۆچی ئازادییە سیاسییەکانو مافە فەردیو مەدەنیەکانو مافەکانی ژنانو ومندالان سەرکوت کراوە؟ ئەم دەسەلاتەی بەغدا و دادگاکەیان ئەمانە بە تاوان نازانن چونکە خۆیان تاوانبارن.

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان**

**خێزانو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان**

صدام حسین وەك کەسێکی تاوانبارو سەردانی دیکەی بەعس وەك کۆمەلێك تاوانبار، سەردەمیان بەسەرچووەو ئێستا لە زینداندانو ڕۆشن نیە لەم گاڵتەجارییەداو لەم سیناریۆو فلیم سازیەدا چییان بەسەر دێتو چەند درێژە دەکێشێتو پرۆسێسی دادگایکردنەکە چۆن دەچێتە پێشەوە. ئەوەی گرینگە بۆ خەڵکی کوردستان وەستانەوەیە لە بەرانبەر بەرنامەو سیاسەتو پراتیکێکی ئیداریو ڕۆژانەی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی عەرەب، کە بەشی هەرە زۆری لەدەستوری ئێستای عێراقدا جاریکی دیکە پیادەکراوەتەوە، کە خۆی لەسەرکوتو ڕاونان و هەلکوتینە سەرمالانو هێرشکردنە سەر موخالیفنی سیاسی بە زەبری چەكو هێرشی سەریازیو سەرکوتی مافی ڕادەربڕینو خۆپیشاندانو مانگرتنو سەرکوتی مافەکانی ژنانو مندالان... دەبینیەوە. ئەمە تەنها ڕیگای دروستە بۆ ڕیگا گرتن لە دوبارەبونەوەی ئەو کارەساتە خۆیناویو جەرگ بڕانە. ئەم کارو ئامانجە لە ڕیگای توڕهەڵەدانی دەستور ئێستای عێراقو هەوڵدانو خەباتکردن لە پێناو جیابونەوەی کوردستانو پیکهێنانی دەوڵەتیکی مۆدیرنو سکولار، لە ڕیگای ریفراندۆمێکی گشتیو ئازادەوە بۆ خەڵکی کوردستان. دەوڵەتیك کە مافی هەموو هاوولاتیان وەکو یەك بەیەکسانی بسەلمێنێتو تەواوی فەرهەنگو توخمە سەرەکیەکانی دەستورو سیاسەتەکەی صەدام حسینو حزبە نەتەوە پەرستەکەیو دەستوری ئێستای عێراق بخاتە زبڵدانی مێژووەوە. ئەوکات نەك تەنها صەدام حسینو داروەستەکەی دادگایکراوە بەڵکو لەوە سەرەکیتر، بەرنامەو سیاسەتو کارکردی ڕۆژانەی ئەم حکومەتە نەتەوە پەرستەی صەدامو داروەستەکەی بڕیاری دادگایکردنێکی جەماوەری ئازادیخوازی بەسەردا سەپینراوە، کە لەسایەیدا هەمومانو کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ئازادانە بەرەو ژیانێکی نویو ئازاد هەنگاو دەنێن. ئەوە پڕۆسەی داداگایکردنی ڕاستەقینەی صەدام حسینو داروەستەکەی دەبێت.

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/8/22